## وێنەكان سزایان لێ دەچۆڕێ

# وێنەو پەیكەرەكانی سەدام ـ هەنگاوێك بوو بۆ تێكشكاندنی بەرامبەر

ن/هۆشیاری عەبدولعەزیز
hoshyarebdelaziz@yahoo.com

هەوڵدەدەم لەم كورتە وتارەدا پێش ئەوەی بێمە سەر مەسەلەی شیكردنەوەی وێنە و پەیكەرەكانی سەدام لە نێوتەواوی پێكهات و پنتە جیاجیاكانی ژیانی رۆژانەی خەڵكدا. وەك دیمەنێك لە دیمەنە دانسقەكانی یەكێك لە گەورەترین دیكتاتۆرەكانی سەدی بیستەم . دەخوازم چەند سەرنج و تێڕوانینێك لە مەڕ دەوڵەت و سترۆكتۆرەكانی دەوڵەت لە چوارچێوەی سیستەمی بەعسدا بخەمەڕوو ئەمەش بەمەبەستی زیاتر ناسینی ئەو سیستەمە و پێكهاتەكانی بەرجەستەبوون و راگرتنی پایەكانی . چونكە بڕوام وایەدواجار بەشێكی زۆری بنەما پراكتیزە كراوەكانی ئایدۆلۆژیای بەعس و پێكهاتەكەی سیستەمەكەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆنواندن و خۆدەرخستنی سەرۆكەكەی لە هەموو جێگەیەكی شیاونەشیاوو لە سەركۆی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای عێراقی كە تائێستاش ئاسەواری بەجێماوە. ئەم شیكردنەوەو خوێندنەوەیەش هەوڵێكی زیاترە بۆ تێگەیشتن و ناسینی roویەك لەرووە ڤێزەونەكانی ئەو سیستەمەی كەزیاتر لە چارەكە سەدەیەك كاری كردووە لەسەر شێواندون و تێكشكاندنی كەسێتی تاكی عێراقی بەبێ جیاوازی رەگەز و تایفە و نەتەوەو ئاینێك. یەكێ لە ئەركە هەرە بەرچاوەكانی سیستەمی بەعس لە عێراقدا خولقاندن و بەرجەستەكردنی وێنەیەكی هاوبەشی بەعس و خەڵك بوو لە پێكهاتەی كۆمەڵگادا كەلانی كەم ئەم خولقاندنە لە توانایدابێت زۆربەی هەرەزۆری ئەندامەكانی پێكهاتەی كۆمەڵگا لە خۆبگرێ و خەڵك ببێت بە بەعس و لەبەرامبەریشدا بەعس ببێتە بەشێك لەبەشە ریشەیەكانی جەستەی خەڵك. ئەمەش بەبێ رەچاوكردنی خواست و ئیرادەی خەڵك . واتا . بەعس دەیەویست قبوڵ بكرێت و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەم راستی كۆی ژیانی خەڵك بێت.

بەعس هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەم پنتەی دەسەڵاتەكاری دەكرد و بەردەوام هەوڵی دەدا لەرێی ئەم وێنە خولقاوەوە ئەو چوارچێوەیە دروست بكات كە خەڵك لە پێكهاتەی دا خۆیان وەك بەعسی پێناس بكەن و بەدەرنەبن لەو فیكر و فەلسەفەیەی كە بەعس بۆ خۆی هەڵی گرتبوو. لە بەرامبەریشدا چوارچێوەیەك بۆ شوناسی پێكهاتە كۆمەڵایەتیەكانی خۆیان لە جەستەی كۆمەڵگادا دیاری بكەن و چوارچێوەیەكی وا بێت كە تەنهابەشێوەیەكی رەمزی بناسرێ و هیچی تر. چونكە وەك چەند جارێك و لە چەند جێگەی دی ئاماژەم بۆ كردووە .بەعس هەمیشە هەوڵی داوە كارلەسەر ئەوەبكات تاكی عێراقی . تاكێكی دەستەمۆ و بێ شوناس بێت و هیچ ئیمكانی بەڕوو خستنی خواستو ئیرادەكانی خۆی نەبێ و هەمیشە چاوو لە بەعس بێت.

بەمەش كۆی ئەو توانا فیكری و تەكنیكی و ئایدۆلۆژی و كوت و بەندانەی كە بەعس لە خۆیدا بەرجەستەی دەكات هەر خودی بەعس هەڵگریبێت و كەس بۆی نییە دەست لە سترۆكتۆرەكانیئەو پێكهاتە دەوردراوە بدات. چونكە هەر لە قوتابخانەو یەكە سەربازی و كەناڵە جیاجیاكانەوە بگرە بۆ بازاڕو یەكەبەیەكەی دوكان و كوچەو كۆڵان و ماڵ و ژورەكانیش كۆنترۆڵ و دەستەمۆبوون و بەئارەزووی خۆی كاری لەسەر دەكردن و توانایەكی یەجگار پڕبایەخی لەو بوارەدا بەكاردەهێنا و هەوڵەكانی گەلێك چڕو پڕ دەبوون لە بەدەست خستنی خواستەكانی خۆی و تەنانەت كار گەیشتبوە ئەو ڕادەیەی كەزۆرجار وای

لەیەکبدەینەوە بەعس جۆرە کۆلۆنیالیزمێکی فیکر وئایدەولۆژی سەرکەوت گەرای بوو لەعێراقدا و زۆر وردو بابەتیانە کاری دەکرد.

بەعس بەوردبونەوەی لە مەغزای ئەم کار و کردەوانەی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەتوانێ لەرێگەی چەند پرۆسەیەکی هاوتەریبەوە بە تەاوەتی بوونی خۆی بسەلمێنێ ئەوانیش .

یەکەم: بەهێزکردنی دەسەڵات و قایم کردنی پایەکانی دەسەڵات لەنێو پێکهاتەی خودی بەعسدا و نەهێشتنی لەمپەرەکانی نێو و خۆی بەتایبەت لەو کاتەدا کە سەدام دەسەڵاتی تەواوەتی لە سێنتەری بەعسدا گرتەدەست و بوە راستی پلەیەك .

دووەم:کۆنترۆڵ کردنی پنتە جیاجیاکانی ژیانی نێو خۆی حزب . وەك بواری راگەیاندن و لایەنی سەربازی و رۆڵی رێکخستن و دروست بوونی کەسێتی نوێ لە پێکهاتەی حزبدا.

سێیەم:دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ئامرازەکانی بەرجەستە کردنی زەبروزەنگ و سەرکوت کردن و بەشەرعی ناسینی کۆنترۆڵ کاری نێوخۆی. کە خۆی لەسێدارەدرانی چەند سەرکردەیەکی خودی بەعسدا بینیەوە و وای کرد زۆرینەی ئەندامانی ئەو حزبە ترس لە خۆیان و دەوروبەریان ببێتە حاڵەتێکی نا ئاسای و بەردەوام بیری لێ بکەنەوە.

چوارەم: گوێ راێەڵی بۆ سەرۆك و تەقدیس کردنی بەردەوامی پەیدابوونی وەك موعجیزە و گوێگرتن لەو کردوەکانی لە هەموو ئاستێك لە ئاستەکانی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگا دا.

بەهەمو ئەمانەشداو لە دەرهاویشتەی ئەو پرۆسانە دا بەعس بەردەوام هەنگاوی خێراتر و کاراتری دەهاویشت و هەوڵی دەدا بەتەواوەتی ئەمەشی تێکەڵی پێکهاتەکانی کۆمەڵ بکات . دەقاودەق ئەمەشی لە پێشکەش کردنی وێنەیەکی خۆیدا پراگتیزەکرد کە تێکڕا ئەو پرۆسانەی لە خۆ گرتبوو.

واتا بەعس بڕوای وابوو دەبێ بە هەر جۆر و جێگە و رێگەیەك بێت کۆمەڵگا بڕوا پێبێنێت کە بەعس هەموو شتێکە و لە سەرووی تەواوی پێکهاتە سروشتیەکانی کۆمەڵگاوەیە و ئەوەی ئەوبیەوێ دەبێ مەیسەر و جێبەجێ بێت . ئەمە بەدەر لەوەی کە بەعس هەردەم پێی لەسەر ئەوە دا دەگرت کە بەعس دەتوانێ و مافی تەواوی لە بەکارهێنانی زەبروزەنگدا هەیەو هەرکاتێکیش بیەوێ ئەو پرۆسەیە مومارەسە دەکات و تاکە فاکتەریش بۆ ئەوە . یاخود بێژم فاکتەرێکی بەرجەستەبوونی ئەم تێڕوانینەش تەنها و تەنها ناسینی و دەرخستنی خواستەکانی بەعس بوو وەك فیکری و ئایدۆلۆژیایەك کە تاکانەیەکی باننەتەوە ییەو دەبێ ئیشی لەسەر بکرێت.

بەتایبت لە نێو پنت و بنەماکانی کلتوری عەرەبیدا . کە دەمێك ساڵە شتی لەو جۆری بەخۆوە نەدیوە و دەبێ بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەوە زیندو بکرێتەوە چونکە بێ مانابیە گەر سیستەمی بەعس کار لە سەرپنتێك لەپنتەکانی مرۆڤ دۆستی بکات و بیەوێ بەو ئامارە دا هەنگاو بنێ. کەوایە هەر لە چرکە ساتی ناساندنەوە بەعس کاری لەسەر ترس و ستەم و توندوتیژی کردوەو هەوڵی سەلماندنیشی لەرێگەی  جۆربەجۆرەوە داوە کە بەبڕوام یەکێك لەو رێگە ترسناکانەش کە راستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر سیستەمی پەروەردەی و باری سایکۆلۆژی کۆمەڵ مەسەلەی نیشاندان و دروست کردنی پەیکەر و وێنەکانی سەرۆکە کە لە زەینی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا بەعس بەم ئاکارەی هەوڵی داوە یەکێك لە گرنگترین تەکنیکەکانی ناساندنی بخاتە روو کە کارێزمایە و بەمەش ویستی وانیشان بدات کەسەرۆك هەڵگری کۆلێك پرۆژەو بابەتی فیکری و فەلسەفی مەزنە و بەرجەستە کردنیشی فرە ئاسان و لەبەردەستە. بەو پێ یەی سەرۆك هەموو شتێکە و بەبێ ئەو شتی تر ناکرێ و پرۆژە فیکری و فەلسەفیەکانیش خۆی لە یەکێتی نەتەوەی عەرەب و سیستەمێکی بان عەرەبی مۆدێرندا دەبینێتەوە و ئەسپسوارێکی فرە ماهیر و لێهاتووە لەو بوارەداو دەتوانێ شتی مەزن و پڕبایەخ لەم سۆنگەیەوە بەدەست بهێنێ. بەمەش رێك و راست سەدام لەچوارچێوە و پێکهاتەی بەعسدا دەسەڵاتی کاریزمی بەسەردا بڕاو بووە ئەو سەرکردەیەی کە هەرگیز لەوێنەی نەهاتووە و ئەوپیاوەی کە پیرۆزترین پیرۆزەکانی ژیانی گەلانی عێراقەو دەبێ هەمیشە شوێن پێ کانی هەڵگرێ و لەبەرچاو بێت. لێرەوە وێنەو پەیکەر لەجەستەی کۆمەڵگای عێراقی دا بوو بەشێکی گەورەتر لە پرۆژەی بەهێزکردنی

دەسەلاتەکانی سەرۆك و وابەستە بوونی زیاتر بە پیرۆزیەکانی ئەوەوە. میکانیزەکانی ئیشکردنی سەرۆك لە هەموو بوارەکاندا بووە جێگەی تێڕامان بەردەوام تایبەت مەندییەکانی دەستنیشان دەکرا و لە هەردەستنیشان کردنێکیشدا وێنەیەکی سەرۆك دەبووە دوا دەرئەنجامی دەستنیشان کردنەکە و بڵاو دەکرایەوە.بەم سەرەتایە من دەمەوێ لێرەوە باس لەیەکێك لە خەسڵەت و دیمەنانەبکەم کە ئەویش بۆ خۆی تایبەت مەندی خۆی هەیە و پێموایە تا ئێستا کەس بەلایدا نەچووەو هیچ توێژینەوە و شیکار کاریەکی مەسەر نەکراوە . وەك خەسڵەتێك لە خەسڵەتە ترسناکەکانی سیستەمی بەعس لە پێکهاتەی کۆمەڵگای عێراقی دا کە ئەویش خۆی لە هەڵواسینی وێنە و دروست کردنی پەیکەری سەرکردە دا دەبینێتەوە. دیارە قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیەش بۆخۆی دەستکێشیەکە بۆ وردبونەوە و خوێندنەوەی ستراکتۆرە سەرەتاییەکانی ئەم لایەنە.راوەستان لەسەر ئەم لایەنەی ژیانی سەدام لە نێو پنت و رەهەندە جیاجیاکانی بەعسدا بۆخۆی مەسەلەیەکیگرنگە و دەبێ بەوردی بەدوویدا بچین. چونکەلەرووی سایکۆلۆژی و شیکاری دەرونیەوە ئەمە بۆخۆی پڕ مەترسی دارترین لایەنی کەپت و سەرکوتکردنە و لەم رێگەیەوە کوشتنی پرسیارەکانی خەڵك بەدیار دەکەوێ و لە بەرامبەریشدا دەلالەتە لە ترساندن و بێ ماناکردنی ژیان لەلای تاکەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی و ئەوانەی کاری دژە فۆرمیان لەبەردەستە بەتایبەتی . چونکە دژە فۆرم بوونی ئایدیا و فیکر و فەلسەفە لەلای بەعس بۆخۆی دژە کاریزمای سەرۆکە و دەبێ بەر لە هەرشتێك لەورێگەیەوە کار بۆ ترساندن و هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەکانیان بکرێت و رێگە نەدرێ گەشە بەدید و تێڕوانینیان بدرێ. سەرەتای دەست پێ کردنی ئەم پرۆسەیەش لە نێو خودی کۆشکی کۆماریەوە دەستی پێ کرد ئەو کاتەی کە وێنەکانی سەدام هاوشانی سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر و بەبیانوی راگری یەکەمی سەرکردایەتی بەعس و لێپرسراوی راستەوخۆی راگەیاندن و جێگری سەرۆکەوە هەڵدەواسرا. ئەمە دەستپێکی بەرپابوونی . یاخود راستتر بێژم دەستپێکی کار کردەی بەعس بوو لەبڵاوکردنەوەی ترس و دڵە راوکێ لەگیانی ئەحمەد حەسەن بەکرو دارو دەستەکەیدا و هەنگاوێکیش بوو بۆ پیرۆزاندنی سەدام و تەقدیس کردنی لە چوارچێوەی خودی بەعسدا ئەم دیمەنە کاریزمیە جۆرێك لە داسەپاندنی راستەوخۆی بەرجەستەکرد لە هۆڵەکانی کاری رێکخراوەی بەعسدا و هەنگاوێکیش بوو بۆ بڵاوە پێکردنی لە تەواوی کون و قوژبنێکی جەستەی خێزانی . خێزانەکانی کۆمەڵگای عێراقی دا.

بەعس بەمەکاری کرد بۆ ئەوەی سەدام هەرلە سەرەتاوە و بەرلەوەی بەتەواوەتی دەسەڵات وەربگرێت ببێتە کەسایەتیەکی پڕ هیمەت و ترسێنەر و کایە جیاجیاکانی بەعس کۆنترۆڵ بکات ئەم مەسەلەیە لە یەکێك لە بابەت و باسەکانی دکتۆر عەبدول ستار تاهر شەریف دا زۆربەجوانی هەستی پێ دەکرێت بەتایبەت لە بۆنەیەك لە بۆنەکانی 6ی کانون کە ساڵرۆژی دامەزراندنی سوپای عێراقە . سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر زۆر بەئاشکرا لەلای دکتۆر عەبدالستار ئەم مەسەلەیە دەدرکێنێت و ئاماژە بەوە دەکات کە میشل ئەفلەق دامەزرێنەری بەعس بەردەوام لەقسە لەسەر کارای سەدام دەکات لە مەڕ مەسەلەی گەشەکردنی بەعس و لەبۆنەیەشدا کە سەدام بەشدار دەبێ لە جێگەی بەکر ، هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن گرنگی تەواوی پێدەدەن و لە تەواوی رۆژنامەکانی ئەو دەمەی بەعس و عێراق بە بایەخەوە بڵاوی دەکەنەوە ، کە چی بەکر لە گلەیی و گازندەکانییدا لەگەڵ دکتۆر عەبدالستار تاهیر شەریف ئاماژەبەوە دەکات کە لە گەشت و سەردانەکانی ئەم دا هێندە بەبایەخەوە قسەی لەسەر ناکرێ و پەراوێزخراوە واتا پیرۆزاندنی سەدام و هەڵواسینی وێنە و پەیکەرەکانی لە قوتابخانەو ماڵ و بازاڕ و شوێنە گشتیەکان دا بۆ خۆی نەخشەی خودی میشل ئەفلەقە و ئەو کاری لەسەر تەقدیس بوونی سەدام کردووە وەك سەرکردەیەکی بەعس ، ئەمە بەدەر لەوەش کە ئەفلەق لە چەند جێگەو بۆنەیەکدا جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە بەعس بۆ خۆی واتای سەرکردەو سەرکردەش واتای بەعس و خەڵك دەگەیەنێ و بۆ پراکتیك کردنی ، ئەم لێکدانەوە ترسناکەی ئەفلەقیش. وێنەو هەڵواسینی وێنە باشترین رێ و جێ یە لەناسینی سەرۆك و بەعس دا و دەبێ زۆر زوو ئیش لەسەر ئەو توخمە ترسناکە بکرێت کە رێگە خۆشکەرە بۆ ناسینی سەدام لەسەر ئاستی تەواوتی پێکهاتەجیاجیاکانی کۆمەڵگای عێراقی و دەست لێ هەڵگرتنیشی فەشەلی بەعس و پرۆژە درێژخایەنەکانی دەگەیەنێ و ناتوانرێ خواستەکانی ئەفلەق مەیسەر بکرێ .

تاکار گەیشتەئەوەی کەوێنەکانی سەرۆك ببێتە جێی گومان و مەترسی و کەس رێگە بە خۆی نەدات بە تەنها خۆشی و لەژێر لێوانیەوە جوێن بەوێنە و پەیکەرێکی سەدام بدات. چونکە سزا و پراکسیەکانی سزا لەلای بەعس و ئەقڵی ئەفلەقی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیە و ئەو کەس و گروپانەی لەدەرەوەی ئەم پرۆسەیە بژین دەبێ بەردەوام سزابدرێن و رێگە نەدرێ لە دەرەوەی بازنەکانی سزا دا بژین و نەتوانن لەدەرەوەی سنورەکانی ئەو بخولێنەوە و قسە لەسەر ئازادی بکەن، ئلزادی وەك ماف و داخوازی کەئەوە لە ئەقلیەت و لێکدانەوەی بەعسدا چەکەرەی کرد و گەورەبوو . سزا و ستراتیژیەتی سزا بووە قەیدێکی بەهێز و هەرچی لە دەرەوە را بجوڵایەتەوە ئەوە بێ هیچ ئەملا و ئەولایەك لەملی دەدرا و سەرنگون دەبوو. ئەم شێوە پراکسیە تەنها لەهەناوی دەسەڵاتی تۆتالیتاریزم و بەکارێزما بوونی سەرۆکەوە سەرچاوە دەگرێ و گەشە دەکات ، چونکە دەسەڵاتی تۆتالیتاریزم و سەرۆکی کارێزمی هەمیشە کار لەسەر ئەو پنتە دەکەن کە خەڵك ملکەچ بێ و بەردەوام چاویان لە جەستە و روحی سەرۆك و ئەندامەکانی بێت، سەرۆکی کارێزمی بەردەوام خەون بەوەوە دەبینێت. کە هەموو تاکێك بکاتە تاکی ملکەچ و هەموو ملکەچێکیش خەسێنرا و کۆنترۆڵ کراو . بۆ ئەوەی ئەو بەئارەزووی خۆی و بەبێ رێگری هەرچی دەوێت مومارەسەی بکات و کەسێك نەبێ لەبەردەمیدا. ئەمانە و خەسڵەت گەلێکی تر وا دەکەن سەرۆکی کارێزمی لەرێگەی وێنە و پەیکەر و ناو و زرۆشتی تریشەوە خۆیان بەسەرخەڵکەوە بکەنە دێوەزمە و بەشداری خەون و ئارەزووەکانیان بن و رۆژگاریان لەبەرچاو تەڵخ و تاریك بکەن.و ببنە لەمپەر لەسەر رێی ژیانی رۆژانەدا و بەردەوام لەبەر چاوانبن.

بەعس و لێکدانەوەی بەعس رۆژگارێك لەم نێوانەدا و لەچوارچێوەی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیەی ئێمەدا بێ ترس و بیم تەراتێنی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا باشترین تەکنیك بۆ ناسینی ئەو رژێمە و سەرۆکە کارێزمی و تەقدیسەکەی هەڵواسینی وێنە و پەیکەرەکانی بوو. هیچ شەقام و کۆڵانێك. هیچ دەزگا و دائیرەیەك.. هیچ گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەیەك نەمابوو وێنە و پەیکەری سەرۆکی پێوە نەبێ و خەڵك نەیبینێ. تەنانەت وێنەوپەیکەری ئەو درندەیەی کە سەراپا سزای لێ دەچۆڕا لە نێو قوتابخانە و پۆلەکاندا هەڵدەواسرا و هاوکات و بۆ زیاتر گۆشکردنی منداڵانی تازە بخوێنیش وێنەکانی سەرۆك خرابووە سەربەرگ و لاپەڕەی یەکەمی ئەو کتێب و پەراوانەی کەلە پرۆگرامی خوێندندا دەخوێنرا و بەردەوامیش بەمنداڵانیان دەناساند.. ئەم حاڵەتە رەنگە لای هەندێکمان حاڵەت و دیاردەیەکی ئاسایی و لاوەکی بوبێت و هێند جێی بایەخ نەبووبێ ، بەڵام لەراستی دا ئەمە لەلای بەعس و سەرکردەکانی ئەو رێکخراوە گرنگ ترین و پڕبایەخ ترین مەسەلە بوو. چونکە ناساندن و تێگەیاندنی منداڵان زۆر باشترەلەوەی کەسەرۆك بە پیاوێکی کامڵ بناسرێ . لەلایەکی تریشەوە دەزگا سیخوڕیەکانی بەعس و ئەوانەی کە بەردەوام لایەنی سایکۆلۆژی خەڵکیان شی دەکردەوە بیریان لەوە کردبووەوە کە لەرێگەی ئەم توێژە تازە چەکەرە کردووەوە دەتوانن سەرۆك و فیکر و ئایدیای بەعس بگەیەننە نێو زەهن و لێکدانەوەی فۆرمات نەکراوی ئەو منداڵانە و هاوکاتی ئەمەش لەرێگەی ئەم فۆرمەڵەکردنەوە ترسێك لە جەستەی خێزان و خانەوادەکاندا جێ بکەن. رەنگە ئەوکاتە و ئێستاش زۆر کەس ئەم خەسڵەتەی بەعس و سەرۆکەکەی والەیەك بدەنەوە . کە ئەوە لە نەرجەسیەت و خۆ خۆشەویستی سەرۆکەوە سەرچاوەی گرتووە وپێیخۆشبووە بەو شکڵە خۆی لە دڵی عێراقیەکاندا . شیرین بکات. بەڵام لەراستی دا ئەمە بۆ چوونێکی یەجگار هەڵە و نادروستە و بگرە فاکتەرێکیشە لە بۆ ئیفلیج کردن و شێواندنی خودی حەقیقەتی ئەو مەسەلەیە لەلای سەدام و سەرانی رژێمەکەی . چونکە گەر ئەمە لە نەرجسیەت و خۆخۆشەویستی سەرۆکەوە سەرچاوەی گرتبا ئەوە هەزاران کەس لەسەر دڕین و شکاندنی وێنە و پەیکەرەکانی سەرنگون و لەسێدارە نەدەدران و بگرە زۆر ئاسایی و لاموبالی بوون و سەدامیان وەك هەر پیاوێکی تری ئاسایی دەبینرا.

زۆرراستە بەعس دەیویست لە پێشاندانی وێنەکانی سەدامی سەرۆکدا وای لە خەڵك بگەیەنێ کە سەرۆکیش کەسێکە لە ئێوە و بەدەرنی‌یە لە چوارچێوە و تێفکرینی سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵگا، بێگومان تێڕوانینی لەم جۆرو چەشنەش جگەلەوەی تێڕوانینێکی سەقەت و هەڵخەڵەتێنەربوو تێڕوانینێك بوو بۆ ئەوەی ئەوان لەئاست تێفکرینی خەڵك تێبگەن و بزانن کێ ئەم مەسەلەیەی بەلاوە گرنگە و کێش بەبایەخەوە تێی ناڕوانێ. لەلایەکی تریشەوە بەعس دەیویست بزانێ کار و کاردانەوەی

خەڵك چی‌یە بەرامبەر بەوێنە و پەیكەری سەرۆك و لەرێگەیەوە دەستنیشانی دژو غەیرە دژ بكات، چونكە لەتەواوی دنیادا سیستەمە تۆتالیتارەكان و ئەوانەی لەسە ریتمی فاشیەت وبنەما دیكتاتۆریەكان رێدەكەن هەوڵدەدەن بە هەرچەشنێك بێت لە نێو پاڵتاییەكانی خەڵكدا شوێنی خۆیان بكەنەوە و لە سیفات و كاریان تێ بگەن. دیارە بەعسیش گەلێك رێگەی گرتۆتەبەربۆناسینی پێكهاتەی گشتی كۆمەڵگا و چۆنیەتی كۆنترۆڵ كردنیان. بەعس بەدرێژای دەسەڵاتدارێتی خۆی هەوڵی داوە بەتەواوی ئاشنابێت بە دیدو تێڕوانینی خەڵك و بیرو لێكدانەوەیان و ئەو هەوڵانەی دەیدەن لە چوارچێوەی ژیانیاندا . بەتایبەت ئەوكاتانەی كە تاكەكانی ئەم كۆمەڵگایە وێنە و پەیكەری سەرۆك دەبینن.

بەعس دەیویست لەم رێگەیەوە لە خەڵك بڕوانێ و لێ یان بگات و بزانێ چۆنی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ. ئەمە جگەلەوەی كە هەوڵی دەدا بەردەوام لەڕێگەی ئەو وێنەو پەیكەرانەوە لایەنی روحی خەڵك تووشی مژمۆری و خەمۆكی بوون بكات و لەڕووی دەروینەیەوە بیانترسێنێ. ئەو فیكر و ئایدیا ترسناكەی بەعس وای كردبوو لەرێگەی وێنەو پەیكەرەكانی سەدامەوە و لە هەموو كون و قوشبنێكی ئەم وڵات و كۆمەڵگایەدا دادگایەكی گەڕۆك مەیسەر بكات. دادگایەك لە هەرچركە ساتێكدا سەدان كەسی لەناخەوە سزا دەدا و تاوانباری دەكرد بەوەی نابێ لەوێنە و پەیكەرەكان مۆڕببنەوە.

واتای بەعس لەم رێگە خەسڵەتەوە. كۆمەڵگای خەستبووە بەردەم دادگایەكی گەورە و توندو بە رۆژانە سزای لی ٚدەچۆڕا و خەڵكی دەكوشت . كوشتنێك كە من و تۆ بەبێ هەست پێ كردن تیا چووبوین و بەدەم مەرگەوە دەماننالاند. كەواتە بەكارێزما بوونی سەرۆك و هەڵواسینی وێنەو پەیكەر بۆخۆی یەكێك بوو لە خەسلەتە ترسناكەكانی بەعس و فیكر و ئایدۆلۆژیایی ئەورژێمە و بەردەوام كاری لەسەر دەكرد. بۆنمونە . بەخشینی پلەیەكەمی سەربازی بەسەدام و بڵاوكردنەوەی وێنەكانی و هاوكات بەرزكردنەوەی نایب عەریفی عەلی كیمیاوی بۆ بەرپرسی یەكەمی هێزی ئاسمانی بۆ خۆی مەسەلەیەك بوو لەچوارچێوەی كارێزما و سزای سەرشەقامەكانەوە سەرچاوەی گرتووە و بوو بابەتی یەكەمی دیدو تێڕوانینی بەعس لە رەفتار و كرداریدا.

بۆیە بڕوام وایە ئەمە مەسەلەیەكە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بكرێ و لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوە و شیكاری وردی بۆ بكرێت . چونكە بەبێ خوێندنەوەی ئەم لایەنە ، ناتوانین لە مەعزای بەعس و هەڵسوكەوتی (35)ساڵەی ئەو سیستەمە بگەین و بخوێنینەوە كە جگەلە كوشتن و ترس و تۆقاندن هیچی تری بەرهەم نەهێناو دەوجاریش هەموو كۆمەڵگا لەو وێنەو پەیكەرانەوە دەڕوانێتە رۆڵ و كارای كەسایەتیە سیاسیەكان ئەمەش بۆ خۆی حاڵەتێكی مەترسیدارەو دەبێ خوێندنەوە و شی كردنەوەی لەسەربكرێ.

پەراوێز و سەرچاوەكان :

★كارێزما .... یان دەوڵەتی كارێزمی . یەكێكە لەو خەسڵەتە ترسناك و قێزەونانەی كە لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا بەردەوام دەبێ تەقدیس بكرێ و بە پیرۆز بشوبهێنرێ و بەپیرۆزیەوە چاوی لێ بكرێ. سەركردەی كارێزمی بەو جۆرە كەسانە دەوترێ كە جگە لەوو هیچی تر رۆڵی نی‌یە و نابێ قسەی لەسەربكرێ. سەدام یەكێك بوو لەو سەركردە ترسناك و كارێزمیەی كە هەموو شتەكانی خستبوە ژێر چاودێری و كۆنترۆڵەوە و بەبێ ئەمر و ئیرادەی ئەو هیچ نەدەكرا.

★ یەكێك لە ترسناكترین ئەو خەسڵەتانەی كە بەعس بە درێژایی (35) ساڵی رابردوو مومارەسەی كرد . هەڵواسینی وێنەو پەیكەر بوو . پەیكەر لەلای بەعس باشترین رێگە بوو لەوەی چۆنلەواقیعی كایەی كۆمەڵایەتی بگات و بزانێ كێ دەیەوێ و كێ رقی لێیەتی ...

- مەریوان وریا قانیع. دەسەڵات و جیاوازی .. ل 87 بۆ 126
- فالح عبدالجبار . كۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت .. ل 43 بۆ 67
- هاوڵاتی ژمارە (16)

-بابەتێکی د. عەبدول ستار تاهیر شەریف. لەیەکێك لەژمارەکانی گۆڤاری خاکدا. کە بەداخەوە نازانم ژمارەچەند بوو. بەڵام قسەکەیم لە زاکیرەمدا چەسپیوە و ویستم ئاماژەی بۆ بکەم.